السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# دووان مەبەن، چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە بردنی دووان لە یەک کاتدا، پاشان فەرمووی: مەگەر کەسێک ڕوخسەت لە براکەی وەربگرێت

لە جەبەلەی کوڕی سوحەیمەوە دەڵێت: تووشی وشکەساڵی بووین لە سەردەمی عبدالله کوڕی زوبەیر؛ خورما بە ئێمە بەخشرا، عبدالله کوڕی عومەر -ڕەزای خوایان لێبێت- بە لامان تێپەڕ دەبوو وئێمە دەمانخوارد، دەیووت: «دووان مەبەن (لە خورماکان بۆ خواردنی)، چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە بردنی دووان لە یەک کاتدا، پاشان فەرمووی: مەگەر کەسێک ڕوخسەت لە براکەی وەربگرێت».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

لە جەبەلەی کوڕی سوحەیمەوە دەڵێت: تووشی وشکەساڵی بووین لە سەردەمی عبدالله کوڕی زوبەیردا -ڕەزای خوایان لێبێت-، ئەویش هەندێک خورمای پێمان بەخشی، ئیبن عومەر -ڕەزای خوایان لێبێت- بە لاماندا تێپەڕ دەبوو لەکاتێکدا ئێمە خەریکی خورما خواردن بووین، باسی ئەوەی بۆمان کرد کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لەوەی کەسێک دوو خورما یان هەرخواردنێکی تر لە یەک کاتدا لە دەفرەکەدا ببات بۆئەوەی بیخوات کە پێویستە بە تاک بخورێن ئەگەر لەگەڵ کۆمەڵێکدا بوون مەگەر بە ڕوخسەتی هاوەڵانی نەبێت، ئەو شتانەی کە خوو وایە بە تاک بخورێن وەکو خورما ئەگەر لەگەڵ کۆمەڵێکدا بوویت بە جووت یان زیاتر هەڵیان مەگرە؛ چونکە ئەمە زیان بە براکانت دەگەیەنێت وزیاتر لەوان دەخۆیت ومافی ئەوان بۆ خۆت دەبەیت مەگەر ڕوخسەتیان لێوەربگریت ئەگەر ڕێگەیان دا ئەوا ئاساییە، تێبینەک: لە (سەحیحی البخاري)یدا هاتووە: (فَرَزَقَنَا تَمْرًا) واتە: (ڕزقمان پێبەخشرا -لە خورما-)، واتا مەبەستیان ئەوەیە ئەوەی خورمای پێیان بەخشی عبداللەی کوڕی زوبەیر بوو چونکە زانراوە ڕزقدان تەنها تایبەتە بە خوای گەورە، وبەڵگەش لەسەر ئەمە گێرانەوەی (البيهقي)یە کە ووتیان: (فَرُزِقْنا)؛ (زەمە) لەسەر پیتی (ر) هەیە ئەمیش بۆ بکەر نادیارە، واتا مەبەستیان ئەوەیە خوای گەورە ئەم ڕزقەی پێیان بەخشیووە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4219

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee